هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣١**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠/٦/٢٠٠٤**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای وەزیری پیشەسازی و وزە و، رزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٣)ی رۆژی (١٩/٦/٢٠٠٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٣١ )ی ساڵی/٢٠٠٤**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٤ )ی ساڵی( ١٩٩٣ )ی**
**وەزارەتی پیشەسازی و وزە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا**

**ماددەی یەکەم:**

هەر دوو برگەی (٢) و(٣)ی ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٢ — **وەزارەت:** وەزارەتی پیشەسازی وکارەبای هەرێم.

٣ — **وەزیـر:** وەزیری پیشەسازی و کارەبای هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

لــە هـــەر جێگایـــەکی یاســـای ژمـــارە(٤)ی ســـاڵی(١٩٩٣) و هـــەر یاســـایەکی دیکـــەدا دەسەواژەی(وەزارەتی پیشەسازی و وزە) هاتبێ، دەسەواژەی(وەزارەتی پیشەسازی و کارەبا) جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ — **وەزیـر:** بەرپرسـی بـاڵای وەزارەتەکـەو بەرپرسـی یەکـەمی بەرکارخـستنی سیاسـەتی وەزارەتەکەو سەرپەرشتی بەرکارخستنی یاساو پێڕۆ و ڕێنماییەکانێتی. لە چوارچێوەی سنووری ئـەم یاسـایەو یاسـا بـەرکارەکانی دیکەشـدا هـەموو بڕیـارو فـەرمان و ڕێنماییـەکیش کـە ئـەرکی سەرشانی وەزارەتەکەو پێکهاتەو سـەلاحیاتەکانی و کاروبـاری دیکـەی ئیـداری و هونەرییـەتی، لەلایەن خۆیەوە دەردەچن و، بۆیشی هەیە، بەشێ لە سـەلاحیاتی خـۆی بـدات بـە جێگرەکـانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بە سەرۆکانی دایەرە سەرەکیەکانی وەزارەتەکە. وەزیـر بەرامبـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیـران بەرپرسـیارە، چـونکە خۆیـشی ئەنـدامێکی هاوکـاری ئەنجومەنەکەیە.

٢—بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی ونەوت وکانزاکان: ئەو ئـەرك و فرمانانـە دەگرێتـە دەست کە وەزیر لە بواری کەرتی پیشەسازی و نەوت و کانزاکاندا پێی دەسپێرێ.

٣—بریکاری وەزارەت بـۆ کاروبـاری کارەبـا: ئـەو ئـەرك و فرمانانـە دەگرێتـە دەسـت کـە وەزیـر لەکەرتی کارەبادا پێی دەسپێرێ.

٤—مەکتەبی وەزیر: فرمانبەرێ، بـە پلـەی بەڕێوەبـەر سـەرۆکایەتیی دەکـا، بڕوانامـەی زانکـۆیی سەرەتایی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەر یاریدەی دەدەن.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکـەم:** بڕگـە(٢)ی مـاددەی چـوارەم لـە یاسـاکە هـەمواردەکرێ و وەك ئەمـەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٢—بەڕێوەبەرایەتی گـشتیی پیـشەسازی: فرمانبـەرێ سـەرۆکایەتیی دەکـا بەپلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی، کـە بڕوانامـەی زانکـۆیی سـەرەتایی هـەبێ و، بـە ئـەزموون و پـسپۆڕ بێـت. ئـەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوەشی پەیوەست دەبن:

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١-بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو پلاندانان.

٢- بەڕێوەبەرایەتی کارگە حکومیەکان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی کارگە ئەهلیەکان.

٤- بەڕێوەبەرایەتی زەپتی چۆنایەتی(السیطرة النوعیة).

دووەم: بڕگەی(٣)لە ماددەی چوارەمی یاساکە هەمواردەکرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٣- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆڕبێ.

ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پەیوەست دەبن:

١-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان وبەدواداچوون.

٢- بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەو وەبەرهەمهێنانەکان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی حسابات وپلان و ئەرك ومەسرەف (الکلفة).

٤- بەڕێوەبەرایەتی هێزی کارو ئامار.

سێیەم: بڕگەی(٥)ی ماددەی چوارەم لە یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رەنێوهانینی(انتاج)وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆربێ. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پەیوەست دەبێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتی وێستگە گەرمییەکان(المحطات الحراریة).

ب-بەڕێوەبەرایەتی وێستگە کارۆئاوییەکان.

چوارەم: ئەم دوو بڕگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی یاساکە زیاددەکرێ و زنجیرەیان دەبێتە(٦، ٧)بەم شێوەیەی خوارەوە:

٦-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گواستنەوەی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆربێ.
بەڕێوەبەرایەتیەکانی گواستنەوەی وزەی کارەبای پارێزگاکانی هەرێمیشی پێوەست دەبن.

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دابەشکردنی وزەی کارەبا: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و بە ئەزموون و پسپۆربێ.
بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی وزەی کارەبای وێستگەکانی هەرێمی پەیوەست دەبن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان) دا دەخرێتە بەركار.

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**
**سـەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ـ عێـراق**

## هـۆكـــارە زەروورەكـــان

بۆ هەنگاونان لەگەڵ ئەم بەرەوچاكترچوونە گەورەیـەی كـە لـەم سـاڵانەی دواییـەدا، كـەرتی پیشەسازی و كارەبا بە خۆیەوەی دیوەو لەبەر گرنگیی كارەبا بۆ ژیانی هاووڵاتیان كە پێویستە بـە شـێوازو كۆشـشی جۆربـەجۆر بۆیـان فەراهـەم بكـرێ، لەبـەر ئـەوە پێویـستی كـرد بـەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی تایبەت بەم بوارە پێك بهێنرێن و كاراترو چالاكتر بكرێن، جا لەبـەر ئەو هەموو هۆكارانە ئەم یاسایەی خوارەوە یاساكاری كرا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com